کوردستان نێت
KURDISTAN NET

## جەژنی سەرە ساڵ

ئەحمەد دەشتی



ئەوا دیسان ساڵ نوێیە
خەڵکان هاتن گوڵیان پێیە
هەموو شادو دڵ خەندانن
لە گۆوەندو لەسەیرانن
شاریان هەمووی ڕازاوەیە
پڕ لە گوڵ و پاراوە یە
دەست لەملن دۆست ویاران
بەبزەیلێوان دەچنە سەران
بەلام کوردی غەریب ودوور
دڵ پڕ خەم و بەبێ سروور
هەرچاوەڕێین کەوا شادبین
خاوەنخاکی سەربەخۆ بین
جەژنە بگرین بە ئازادی
لەهەوارمان بەدڵی شادی
ئالای ئێمەش شەکاوەبێ
سەربەخۆیی کوردمان هەبێ
ئەوسا سەدان چەپکە گوڵم
لەگشت شوێن و شاری دڵم
بۆجەژنانە و پیرۆز بایی
پێشکەش دەکەمبەدڵنیایی
هەر چەند کەوا هەتا ئەمڕۆ
هەرماینەوەو ژین ڕەنجەڕۆ
دوورین لەخاکی گوڵشەنا
هەروا دەژین لە گولخەنا
هیشتانهەروا دەستی نەیار
ماوە لەسەرخاکی هەوار
داگیر کەران نەگۆڕاون
یەکتر دەگرن خەریك داون





نەیـــارانی  ڕەش و ناکـــەس
لە سەنگەرن پەسـتو تەرەس
زۆر لەمێژە  خوێـنمان دەمژن
ڕۆلـەی‌کوردم هـــەروا دەکوژن
پاك نابنـــەوە زۆر نامـــەردن
هەر دوژمنن دژ بـــە کـوردن
بەڵام منیش  پـەند وەردەگرم
تازە لەژێر دەســـتان نامرم
فێلی  نـەیــارلە  نـاو دەبەم
دوژمنــــانم ڕیســـوا دەکەم
چەند بکوژبن خـەیاڵ  خـاون
ســــــەرناکەون ژین  بڕاون
تازە ئەمن وەك  ڕابـــوردوو
قـــەت نابمـــەوە بە ئـــاوردوو
چـارەی دەردی خـــۆما دەکەم
دوژمـنانـم لەنــــاو دەبـەم
یەکتـردەگرین تا ســـەرکەوین
لە گەڵ‌یەکتر ڕێك دەکـــەوین
هـــەتا مردن لە گەڵ  یـــاران
ســـــازش دەکەین دژ نـەیاران
لە یادناکـــەم ئەوانـــە بـوون
خـــاوەن‌ئەنفـال و کیمیا بوون
هاتنەســـــــەرم  بۆ قڕکـردن
بۆتاڵان وســــــامان بردن
هەرچی هەمبوو لێیان‌ســەندم
گیانی هــــــەزارانیان بردم
بەتـریاکیان خــــەواندمیان
کەوتنە گـیانم ، مـــراندمیان
هەزار هـــەزار  شـــەهیدم دا
بۆ کوردســــــتانی خـۆمم  دا



ســـــــالەهایە دەمرەتێنن
تەعریبدەکەن دەمخـــنکێنن
هەتا ئێســتاش هـەر دوژمـنن
دژ بە خـاك و چـــارەی منن
بە نـــاوی دین دەمـــبەزێنن
دێنە ســـــەرم دەمرەتێنن
لـێ ناگەڕێن بە ئـــازادی
ساتێ بژیم بە د ڵی شـــادی
هەرچەند گوتم ئەوان بـــران
وێکرا دەژین لەسەر ســەران
بــەڵام ئەوان قەت وا نەبـوون
هەر ڕێگـری ژیـــانم بـوون
بۆیە ئێســـــتا دەڵێم بەسە
ژینم لە گەڵ ئەو ناکەســـە
دەڕۆم بەرەو ســـەربەخۆیی
ســـەرم بەرزە نەوەك نەوی
نەفرین دەکەم لەهەســتیان
چیتر ناچمە ژێر دەســـتیان
دوژمن لـە خــاکم دەر دەکـەم
ســـەربەخۆییم دابین دەکەم
نەخشەی کوردو کوردســـتانم
دەبێ بچتە ئەتلەســـــانم
خاوەن قــەوارەی کـــوردم بم
لەژێردەستی هیچ کەس نابم
بۆ خـۆم دەژیم بە ئـــازادی
جەژنە دەگرم بەدڵی شادی
شـــــارو گوندم جوان دەکەم
بەرگی شــایی لە بەر دەکـەم
دەڕۆم بەرو لوتکەی بەهــار
وەپێش دەخەم گەڵ و هــەوار



لە گشت دەشت وچیاو هەردم
بۆ شەهیدی ڕۆلەی کوردم
هەزار هەزار چەپکە گوڵان
دەبەم بۆسەر گلکۆی نەمران
نەفرین دەکەم لە داگیرکەر
لە خائین و پیس و دەغەر
کێ کە دڕک و گەندەلکارە
دەبێ بڕوا لەم هەوارە
منیش وەکو هەموو گەلان
دەچنم سەدانن باقە گولان
دەرۆم بەرەو بەرزی بەهار
ڕزگار دەکەم خاکی هەوار

*

بە یادی جەژنە پیرۆزە و هاتنی سەرە ساڵی 2005 ئەم هۆزانەم نوسیوە. بە بۆنەی هاتنی جەژنی سەرەساڵی 2007 یش پێشکەشە بە هەموو کوردێک و ئەوانەی کە خۆشم دەوێن. 25.12.2006